# کۆمیسیۆنی پاراستنی دۆکیومێنتەکانی سیخوڕی ئەڵمانی دیموکراتی پێشوو لە بەرلیندا



پارێزەر: تاریق جامباز

شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی کۆمیسیۆنی پاراستنی دۆکیومێنتەکانی سیخوری ئەڵمانی دیموکراتی پێشووی کرد ئەو کۆمیسیۆنە سەربەخۆیە و دوو هەزار کارمەند کاری تیادا دەکەن و گشت فایلەکانی سیخوری لەوێ پارێزراون، چونکە هەموو هاووڵاتیانی ئەڵمانی دیموکراتی سیخوڕییان بەسەرەوە کراوە کە ژمارەی ئەفسەرەکان (١٨,٠٠٠) هەژدە هەزار ئەفسەر (١٨٩,٠٠٠) سەد و هەشتا و نۆ هەزار سیخوڕیشیان لەبەردەستدا بووە پێکەوە سیخوڕیان بەسەر (١٧) ملیۆن کەسەوە دەکرد و هەر (١٨٠) سەدو هەشتا هاووڵاتی ئەفسەرێک سیخوڕی بەسەرەوە بوو گەر فایلەکان بەتەنیشت یەکەوە دابنێین ئەوا درێژییەکەیان دەگاتە (١٧٣کم) بەڵام دوای ئەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیا بە شۆڕشێکی ئاشتییانەی بێ خوێن ڕشتن یەکیان گرتەوە کە ئەمساڵ دەکاتە حەڤدە ساڵ، لەم ماوەیەدا دوو یاسا و پرۆژە یاسایەک لەبارەی قوربانیانی ئەوسا هەن:

١- متمانە بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی حوکمدراون و حوکمێکی دیکەیان بۆ دەردەچێ و قەرەبووش دەکرێنەوە.

٢- متمانە بۆ گەڕاندنەوە لەلایەن کارگێڕیی کە ماڵ و سامانیان گلدرابوون زۆریش نەفی کراوە.

٣- متمانە بۆ گەڕاندنەوە لەلایەن پیشەیی کە لە کارەکەیاندا گواستراونەتەوە بۆ کار و شوێنێکی دیکە دوورخراونەتەوە یا لابردراون یا ئێش و ئازاری دەروونی دراون.

موچەی (شەرەف) بۆ قوربانییەکان بڕاوەتەوە و ئەوانەی موچەیان زۆر بێ نایاندرێتێ و تەنیا دەدرێتە ئەو کەسەی کە لە ژیاندامادەو ئەو هاووڵاتییانەی ناویان لەنێو فایلەکاندا هەیە، دەتوانن لە کۆمیسیۆنەکە بیخوێننەوە و مانگانە هەشت هەزار هاووڵاتی فایلەکانیان دەخوێنرێتەوە ولایەنی پەیوەندیداری حکومەتی ئەڵمانی دەتوانن فایلەکان بۆ سێ مەبەست بخوێننەوە:

١- بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو فەرمانبەرەی (بۆ مامۆستایی و هەستیاری) دادەمەزرێ پێشتر سیخوڕیان بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی پێشوو نەکردوە، گەر ناویان هەبێ دانامەزرێن.

٢- بۆ متمانە بۆ گەڕاندنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییان کە داوای قەرەبوو دەکەنەوە، هیچ بەڵگەنامەیەکیان لانییە تاکو بە بەڵگە داوای مافپارێزیان بکەن بۆیە دەتوانن سوود لەم فایلانە بۆ ئەم مەبەستە وەربگرن.

٣- بۆ بەدواداچوونی کێشەی تاوانبارەکان کە بەڵگەی سەلمێنەر لەم کۆمیسۆنە بەدەستیان دەکەوێ.

هەروەها ئەوانەی لێکۆڵینەوەی زانستی و میدیایی ئەنجام دەدەن، دەتوانن فایلەکان داوا بکەن و بیخوێننەوە بەڵام هەرگیز ڕێگە نادرێ بەپێی یاسا بۆ ناوزڕاندن (تشهیر) بەکاربهێنرێن و نابێ زانیاریی تایبەتی بە کەسایەتییەکان بڵاوبکرێتەوە و گەر نهێنییەکانی نێو فایلەکان بڵاوکرانەوە ئەوا سزای یاسایی ئەو کەسانە دەدرێ.

پێشنیاز دەکەین کە لە کوردستانیش، کۆمیسیۆنێکی لەم جۆرە دابمەزرێ و لەچوارچێوەی یاسای مامەلە لەگەڵ فایل و فایلدارەکان بکرێ تاکو مافپارێزی قوربانیانی مەرگەساتە یەک لەدوا یەکەکانی گەلی کوردستان بەرێکوپێکی مسۆگەر بکرێن و ئەو فایلانە چیتر لێرە و لەوێ بە پەرتەوازەیی نەمێننەوە و لە بنکەی کۆمیسیۆنی پاراستنی بەڵگەکانی ڕژێمی لەناوچوو بپارێزرێ و کۆمیسیۆنەکە سەربەخۆ و کارمەندەکانی لێهاتوو و بێ لایەن بن و دەتوانن لەم کۆمیسیۆنە کەرەستەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانیش دابنێن. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بزانن رادەی درندایەتی و جینۆسایدی بەکارهاتوو لە دژی گەلی کوردستاندا لە چ ئاستێکدا بووە و ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەن لەم کۆمیسیۆنە رابوردوێکی تفت و تاڵی سەردەمێک ببینن هەروەکو هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی کە دۆکیۆمێنتەکانیان لە شوێنێکی تایبەتدا پارێزراوبن.